sorani

TAMPERE. FINLAND

# چەند ڕێنماییەک بۆ کار پەیداکردن

## لە شوێنی کار بگەڕێ

دەتوانیت بە ئاسانی کاری کراوە لەو سایتانەدا بدۆزیتەوە کە خاوەنکارەکان کاری کراوەیان تیا ڕادەگەیەنن. دەتوانیت دەست بکەیت بە گەڕان بەناو ڕاگەیاندراوەکاندا، بۆ نموونە لە **Duunitori** (duunitori.fi) یان لە لاپەڕەکانی فەرمانگەی کار و کاسبی **TE-toimisto** (paikat.te-palvelut.fi). هەروەها **LinkedIn** یش شوێنێکی باشە بۆ گەڕان بەدوای شوێن کارە کراوەکان.

لە زۆربەی سایتەکاندا دەتوانیت ئەوەی پێی دەوترێت پاسەوانی گەڕان (hakuvahti) دابنێیت، کە کاتێک ئەو کارانەی کە لەگەڵ مەرجەکانی لە کار گەڕانەکەی تۆدا دەگونجێن و لە سایترکەدا ڕادەگەیەنرێن بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئاگادارت دەکاتەوە.

## سی ڤی CV دروست بکە یان نوێ بکەرەوە.

**سی ڤی (CV) بەڵگەنامەیەکە کە گرنگترین زانیاریەکانت لەخۆ دەگرێت وەکو کەسێک کە بەدوای کاردا دەگەڕێت.** باشتر وایە CV بە وردی دروست بکەیت و لەگەڵ کاتدا نوێی بکەیتەوە، چونکە بۆ داواکردنی کار سی ڤی گرنگترین بەڵگەنامەیە. پێویستە لە سی ڤی یەکەدا لانیکەم زانیاری پەیوەندیپێوەکردنت و زانیاری خوێندنەکانت و ئەزموونی کارکردنت و شارەزایی زمانت بنووسرێت.

دەتوانیت لە سایتی (/cvpohja.fi/ilmainen) کلێشەیەکی سادەی CV بە خۆڕایی دابەزێنیت یان لە سایتی (canva.com) دانەیەکی تایبەت بە خۆت دروست بکەیت.

## داوانامەی کار بنێرە

لە ڕاگەیاندنەکانی شوێنی کارەکاندا ئەو ڕێنماییانە دەبینیتەوە کە چۆن داوا پێشکەش دەکرێت بۆ شوێن کارێکی کراوە.  بەگشتی داوای شوێنی کار بە ناردنی سی ڤی و داوانامەی کار بۆ خاوەنکار دەنێردرێت، یان بە پڕکردنەوەی فۆرمێکی ئامادەکراوی ئۆنلاین دەکرێت.

لە داوانامەی کاردا بە خاوەنکارەکە دەڵێیت بۆچی تۆ بۆ ئەو شوێنی کارە کراوەیە گونجاو دەبیت. هەروەها لە داوانامەی کاردا باشە کە باسی پاڵنەرەکانت بکەیت بەرامبەر بەو ئەرکە. هەروەها لەبیرت بێت لە داوانامەیکەتدا وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەیتەوە کە لە ڕاگەیاندنی شوێنی کارکەدا کراون.  ئەگەر ویستت دەتوانیت لە سایتی (tyohakemus.org/tyohakemusmalli) فۆرمێکی ئامادەکراوی داوای کار دابەزێنیت و بەپێی ئەو کارەی کە داوای دەکەیت پڕیبکەیتەوە.

## خۆت ئامادە بکە بۆ چاوپێکەوتنی کار

خاوەنکار بانگهێشتی گونجاوترین داواکاران دەکات بۆ چاوپێکەوتنی کار. لە نێو داواکاراندا بەگشتی تەنها بەشێکیان چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکرێت، بۆیە پێویستە داوانامەی کار و سی ڤی بە وردی بنووسرێن تاوەکو بۆ چاوپێکەوتن بانگت بکەن.  دەتوانرێت چاوپێکەوتنەکە یان ڕووبەڕوو ، یان لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە یانیش بۆ نموونە بە ڕێگەی Teams بکرێت.

باشتر وایە پێشوەختە ئامادەکاری بۆ چاوپێکەوتنەکە بکەیت بە بیرکردنەوە لە وەڵامەکانی باوترین ئەو پرسیارانەی کە لە پرسیارەکانی چاوپێکەوتنی کاردا دەکرێن. دەتوانیت نموونەی باوترین پرسیارەکان لە سایتی Duunitori بدۆزیتەوە (duunitori.fi/tyoelama/yleisimmat-tyohaastateltupiskelet).

TAMPERE
TYÖ JA YRITTÄMINEN

# Rautatienkatu 10

## خزمەتەکانی هۆڵی پێشوازی



### خزمەتەکانی هۆڵی پێشوازی لە ڕۆژانی هەفتە کاتژمێر ٩:٠٠ - ١٦:٠٠

**Rautatienkatu 10, 33100 Tampere**

لە ژێر هەمان بنمیچدا، خزمەتەکانی زانینی نێودەوڵەتی دەبینیتەوە، کە پێکهاتووە لە سەنتەری زانینی نێودەوڵەتی (OSKE) و، International House ی تامپێرێ و پرسگەی فرەزمانی Mainio.

لە نهۆمی ١ ی هۆڵی پێشوازیدا ئاراستەت دەکەن بۆ ئەو شوێن و خزمەتەی کە بۆ تۆ دروستە. ئەگەر کاتت گرتووە ، ڕاستەوخۆ بڕۆ بۆ نهۆمی ٥ بۆ شوێنی OSKE.

### خزمەتی تەلەفۆن لە ڕۆژانی هەفتەدا کاتژمێر ٩- ١٦

OSKE + 358 41 730 1407

ئنتەرناشناڵ هاوس تامپێرێ International House Tampere و ماینیۆ Mainio :

+ 358 41 730 2769

بە زمانی فینلەندی و ئینگلیزی خزمەت دەکەین




TAMPERE TYÖ JA YRITTÄMINEN
tredu TAMPEREEN SEUDUN AMMATTIOPISTO
TE-palvelut tjänster | services
MAINIO Monikielinen neuvonta Multilingual Info